# گەڕێکیتری سەمای کازمی لەگەڵ مارەکان

01-01-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لەماوەی شەش مانگدا، مستەفا کازمی سەرۆك وەزیران، بۆ دووەمجار لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکانی شوێنکەوتەی ئێراندا کەوتە کێشمەکێش، بەڵام ئەمجارەیان زیاتر لەکۆتایی حوزەیران، جوڵاندنی هێز و هەڕەشە و گورەشەی توندی تێکەوت .

یاسین تەها|

لەماوەی شەش مانگدا، مستەفا کازمی سەرۆك وەزیران، بۆ دووەمجار لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکانی شوێنکەوتەی ئێراندا کەوتە کێشمەکێش، بەڵام ئەمجارەیان زیاتر لەکۆتایی حوزەیران، جوڵاندنی هێز و هەڕەشە و گوڕەشەی توندی تێکەوت . تێکچوونی ئەمجارەی نێوانی سەرۆکوەزیران و میلیشیاکان کە پێشتر خۆی بە"سەماکردن لەگەڵ مار " ناوی نابوو، لەگەڵ بزوتنەوەی عەسایبدا بوو کە دووەم میلیشیای پاڵپشتیکراوە لەئێرانەوە لەدوای کەتیبەکانی حیزبوڵڵا. تۆمەتەکەش تێوەگلانی یەکێك لە کادیرەکانی ئەم بزوتنەوەیە رادیکاڵە شیعەیە (حسام زریجاوی) لە سەرکردایەتیکردنی هاوێشتنی 21 موشەك بەرەو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەناوچەی سەوز کە رەهەندێکی گەورەتر لەجوگرافیاو رەوشی ناوخۆیی عێراقی هەیە و بەشێکە لە گرژییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی نێوان تاران و واشنتۆن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەروەها لە کاتێکیشدابوو کە عێراق خۆی بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەختە ئامادە دەکات (حوزەیرانی 2021)، پەرلەمان و شەقامەکەشی لە مشتومڕی شیکردنەوەی لێکەوتەکانی قەیرانی دارایی و دابەزاندنی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار دان. کەڵەکەبوونی ئەم هەموو دۆسیە تێکچرژاوەش زیاتر رەوەشەکە بەرەو ئاڵۆزی و ناڕوونی دەبات.

حکومەت پاڵپشتی سیاسی و پەرلەمانیی بەهێزی نییە، لەژێر گوشار و لەبارودۆخێکی دژواردایە؛ کۆنترۆڵکردنی چەك بەشێکی سەرەکییە لە کارنامەکەی، سەرچاوەی شەرعیەتە سیاسی و ئەخلاقییەکەشی دەرهاویشتەکانی "راپەڕینی تشرینی 2019" یە کە سەرەکیترین دروشمی وەرگرتنەوەی نیشتیمان بوو لە گروپە نادەوڵەتییەکان. جگە لەوەش، گوشاری زۆری دەرەکیی لەسەرە بۆ ئەوەی سنورێك بۆ پاڵەوانبازیی میلیشیاکان دابنێت کە هێرشی سەر باڵیۆزخانەکانیان کردووە بەدەسکەوتی گەورە بۆ خۆیان. کاتێکیش حکومەت رووبەڕووی بزوتنەوەی عەسایب بوویەوە، خەریکبوو بەغدا ببێتە گۆمی خوێن و پێکدادان. بەدوای گرژییە ئەمنییەکانیشدا هەڕەشە "ناباوەکانی" کەتیبەکانی حیزبوڵڵای بەسەرداهات ، لەسایەی ئەم بارودۆخەشدا حکومەت خۆی لە دووڕیانێکی یەکلاکەرەوەدا بینیوە؛ یان دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ناچاربوون بە ئازادکردنی کادیرەکەی عەسایب و پێنج گیراویتری هاوەڵی لەچەشنی ئازادکردنی 14 لە چەکدارەکانی حیزبوڵڵا لە هاوینی رابردوو کە بە رووداوی (ئەلبوعێسە) ناسراوە ، یان پێداگریی لەسەر پاراستنی لانیکەمی شکۆی خۆی و دیاریکردنی هێڵی سووری بارودۆخ و کەشی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکانی حوزەیرانی 2021 کە پێشهاتێکی جومگەییە بۆ هەموولا.

هەندێك لە ئاماژە و دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، ئەگەرچی حکومەت بەشێوەیەکی خێرا و بنجبڕ دۆخەکەی پێ کۆنترۆڵنەکرا، بەڵام بەراورد بە گەڕی یەکەم هەندێ بەرەوپێشچوونی بەدەستهێنا، کە دەکرێت بەمجۆرە دیاری بکرێت:

ـ سەرۆکوەزیران خۆ بێدەنگکردنی لەهێرشە موشەکییەکان تێپەڕاند، ئەمەش نەرێتی حکومەتەکانی پێشوو بووە لە سەرجەم هێرشەکانی سەر ناوچەی سەوز ، هەروەها بەشێوەیێکی راستەوخۆش بزوتنەوەی عەسایبی خستە بەر بەرپرسیارێتی تۆمەتی هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، ئەمەش رەنگە کاریگەریی زۆری هەبووبێت لە گۆڕینی تۆنی لێدوان و گوتاری عەسایب کە ئیدانەی هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکایان کرد و ئەوەشیان راگەیاند "ناکرێت تاسەر بەغدا بەدەستی گروپی چەکدارەوە بێت"، هەروەها خۆیان لە گروپە چەکدارە رادیکاڵەکانیتری شیعە بێبەری کرد. ئەم نەرێتی بێدەنگی شکاندنە ئەگەرچی لاوازی و پاشەکشەی زۆری دەوڵەت بەرامبەر جووڵە و توانای لۆجستی میلیشیاکان دەردەخات، بەڵام هەنگاوێك پێشترە لە چاوپۆشی، جگە لەمەش هەندێك بۆچوون باس لەوە دەکەن ئەم ئیحراجکردنە لەبەرژەوەندی میلیشیاکان نییە لەکاتێکدا کە بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆن و ناچاری و پێداویستییە ئەمنی و سیاسییەکانی ئێران ناچاری کردوون کاری سەرەڕۆیی و سەرکێشانە بکەن .

ـ سەرباری ئەوەی وەها راگەیەنرا کە کادیرە پێشکەوتووەکەی عەسایب رادەستی ئاسایشی حەشدی شەعبی دەکرێت و کۆپی بەڵگەنامەیەکیش لەمبارەیەوە دزەی پێکرا ، بەڵام هەر زوو وەزارەتی ناوخۆی عێراق هەبوونی رێککەوتنی لەو چەشنەی رەتکردەوە ، جگە لەوەش باوەڕی زاڵ ئەوەیە ئەو دەستگیرکراوانە هێشتا هەرلای حکومەت بن، وتەو دانپێدانانەکانیشیان بەڵگەیەکی یاسایی بێزارکەر دەبێت بۆ عەسایب لەم قۆناغەی ئێستادا، بەتایبەت کە ئەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا جگە لەحکومەت بەرەیەکیتری شەڕی هەیە لەگەڵ شەقامی شیعی بەهۆی ئەوەی لەگەڵ حەشدی عەتەبەکان "حەشدی سیستانی" بەریەککەوت، ئەویش کاتێك قەیس خەزعەلی ئەمینداری عەسایب، حەشدی عەتەبەکانی بە پرۆژەیەکی ئیسرائیلی و ئەمەریکی لەقەڵەمدا ، بەمەش کەوتە شەڕ لەگەڵ یەکێك لە پایە بەهێزەکانی پیرۆزی لە دنیای شیعەدا کە حەشدی نەجەف و کەربەلایە.

ئەو هەواڵانەی لە کۆبوونەوە و دیدارەکانی کازمییەوە دزەیان کردووە باس لە خۆشحاڵی و متمانە بەخۆبوونی ناوبراو دەکەن لەپاش گرژییەکانی بەغدا ، بەڵام دەسکەوتێك ئەگەر بەدەستهاتبێت لەم ڕووبەڕووبوونەوەی دوایی، چەند فاکتەرێکی یارمەتیدەری هەبووە،

لەلایەك لە دوا رۆژگارەكانی ویلایەتی ترەمپدا ئێران خوازیاری بەریەككەوتنی گەورە نییە لەگەڵ ئەمەریكا چ لە رێگەی خۆی و چ لە رێگەی باڵە سەربازییەكانییەوە ، جگە لەهەندێ جموجوڵی بەرتەسك بۆ خۆ وێناكردن وەك بەهێز و خاوەن كارتی گوشار، لەلایەكیتر سەدرییەكان دریغیان نەكرد لە پاڵپشتی هەڵوێستی حكومەت بەرامبەر چەكدارەكان تا ئاستی داواكردنی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە بەغدا ، یان جەختكردنەوە لە دوورخستنەوەی بەغدا دەكات لە مەترسی و گرژی ئەمنی و هێرشی رۆكێت ، لەمەش گرنگتر سەدر هەر بەمدواییانە پەیامێكی بێزاركەری بەزمانەكانی فارسی و ئینگلیزی ئاراستەی تاران و واشنتۆ كرد بۆ دوورخستنەوەی شەڕەكانیان لە بەغدا كە ئەمەش لەپەنا پاڵپشتییە مەدەنی و دەوڵەتی و دەرەكییەكاندا رۆڵی زۆری هەیە لەدابینكردنی پشتیوانی بۆ حكومەت، ئەگەرچی سەدرییەكان لەبەر دەسكەوتی خۆیان و دوژمنایەتی كۆنیان لەگەڵ عەسایبدا كردیان .